# تارا یوسف:

# هونەرم لە هەموو کارێکی دیکە خۆشتردەوێ

**هونەرمەند تارا یوسف ئێستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر مامۆستایەو خەریکی خزمەتکردنی هونەری کوردییە، هونەر لای تارا بۆتە بەشێک لە ژیان بۆیە پێمان خۆشبوو لەمیانەی دۆسیەی ئەمجارەی گۆڤارەکەماندا چەند پرسیارێک لەم هونەرمەندە بکەین و لەزاری بەڕێزیانەوە گوێمان لە وەڵامەکان بێت و ئێمەش بیانخەینە بەر دیدی خوێنەرانی گۆڤارەکەمان.**

**دیمانە: بنار عەبدولئیلا**

**وێنە: فازڵ فەرامۆش**



*** سەرەتا خۆت بە خوێنەرانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان بناسێنە؟**

– ناوم (تارا یوسفی)یە لە ساڵی ١٩٨٧ لە تاران لە دایکبووم.

*** لە ژیانی رۆژانەتدا زیاتر بەچییەوە خەریکی؟**

– زیاتر بەکاری هونەرییەوە سەرقاڵم گۆرانیبێژم و لە هەمانکاتیشدا مامۆستای پیانۆم لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی هەولێر.

*** بەڕێزتان ئاماژەتان بەوەکرد کەمامۆستای پەیمانگان تا چەند بەمکارە رازین؟**

– هونەر بەشێکی زۆری ژیانی منی داگیر کردووە بۆیە ئەم کارەم لە هەموو کارێکی دیکە خۆشتر دەوێت.

*** لە هونەرەکەتدا زیاتر حەزت لە گۆرانی گوتنە یان ژەنیاری؟**

– لەراستیدا لەگەڵ گۆرانی گوتندا ئاسوودەترم، بەڵام ژەنیاریش نەبومایە لە گۆرانی گوتندا سەرکەوتوو نەدەبووم وەکو پێویست ئەرکی گۆرانیبێژی یەکەم بەجێ نەدەهێنا ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەری گۆرانی و هونەری میوزیک تەواوکەری یەکن.

*** حەزت لە دەنگی کام هونەرمەندە؟**

– مامۆستا (مەزهەری خالقی) بە پلەی یەک، بەڵام گوێ لە گۆرانیبێژەکانی دیکەش دەگرم، چونکە هەر

یەکەیان تاموچێژی تایبەتی خۆیان هەیە.

*** هەتا ئێستا گۆرانییەکانت بەشێوەی CD بڵاوکردۆتەوە؟**

- نەخێر.. لە راستیدا حەزناکەم بەشێوەی CD گۆرانییەکانم بڵاوبکەمەوە وەکو CDیش بەرهەمم زۆرەو ئەتوانم بیکەم، بەڵام هەر گۆرانییەو کلیپی خۆی لەگەڵدا بێت و بە کلیپەوە بڵابکرێتەوە بەلای منەوە ئەم جوانترە لە CD.

*** گۆرانییەکانت بە چ ریتمێکن زیاتر؟**

- لە هەموو جۆرێکم وتوە لە ریتمی سلۆو خێراش.

*** لە گۆرانی گوتندا لاسای هیچ هونەرمەندێک دەکەیتەوە؟**

- نەخێر.. قەت حەز بە لاساییکردنەوە ناکەم وە ئەو گۆرانیانەش کە من دەیانڵێم زیاتریان فۆلکلۆرین. فۆلکلۆرێکیش ناکە زۆر دووبارە کرابێتەوە.

*** ئەوەنەی کە لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان مامۆستایت چالاکیت هەبووە؟**

- لەبەرئەوەی تازە هاتوومەتە ئێرە چالاکیم کەمبووە هەتا ئێستا، بەڵام لە فیستیڤاڵی ئەمجارەی پەیمانگەدا بە مادەیەکی کورالی لەگەڵ کۆمەڵێک لە قوتابییانی پەیمانگە بەشداربووم کە میلۆدییەکی فۆلکلۆری بوو لە چوار خەت پێکهاتبوو (سۆپرانۆ- ئالتو- تینۆر- باز) شتێکی تازە بوو، چونکە ئەو کۆراڵانەی کە کراون تا ئێستا هیچیان فۆلکلۆری نەبوون.

*** لە قوتابییەکانت رازیت؟**

- بەڵێ، بە دڵنیاییەوە زۆر لێیان رازیم حەزیش دەکەم ئەو زانیارییەی لە هونەردا هەمە هەندێکی دیکەش بخەمە سەرو بیگەێنمە قوتابییەکانم، چونکە خۆم قوتابی بووم و ئەزانم کە چەند بە زەحمەت گەیشتوومەتە ئێرە بۆیە زۆر زیاتر لەو ماندووبوونەی کە چەشتوومە حەزدەکەم بە قوتابییەکانمی ببەخشم.



*** کێ زۆر یارمەتیت دەدات لە کارەکاندا؟**

- هاوسەرەکەم (مامۆستا زاهیر) ئەویش مامۆستایە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی هەولێر زۆر ماندوو دەبێت لەگەڵمدا، چونکە لە زۆربەی گۆرانییەکانمدا هاوکاریم دەکات وەکو ئاوازو دابەشکردنی میوزیک و کاری ستۆدیۆ ئەمەش وای لە من کردووە زیاتر بچمە قوڵایی هونەرەکەمەوە.

*** هیچ پرۆژەیەکتان لەبەردەستایە لەگەڵ هاوسەرەکەتدا ئەنجامی بدەن؟**

- بەڵێ، بە تەماین لە داهاتوودا سەنتەرێک بکەینەوە تایبەت بە فێربوونی هونەر بۆ ئەو کەسانەی کە خولیایەکی هونەرییان هەیەو لە پەیمانگەکانیش دانین ئێمە هەوڵدەدەین ئەو هەڵەیان بۆ برەخسێنین بۆ ئەوەی بتوانن لە رێگەی ئەو سەنتەرەوە پەرە بە هونەرەکەیان بدەن.

*** جگە لەو پرسیارانەی ئێمە لێمان کردیت چ شتێکی دیکەت ماوە باسی بکەیت؟**

- لە راستیدا ئێمە ناتوانین هەرچی هەیە لێرەدا باسی بکەین، بەڵام شتێکی دیکە ماوە کە باسی بکەین ئەویش میوزیکی منداڵانە کە پێویستە هەمووومان گرنگی بەم لایەنە بدەین من وەکو خۆم ئەوەندەی کە لە توانامدا هەبووە یارمەتی منداڵانم داوەو مامۆستای منداڵانیشم بەو ئامێرانەی کە تایبەتن بە منداڵان و بە نۆتەی ئاسان و سەرەتای هەوڵی فێرکردنیان دەدەم.

لە کۆتایشدا سوپاسی گۆڤاری هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ئەم دیمانەیەی لەگەڵمدا ئەنجامی داوەو هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو فەرمانبەرەکانی دەخوازم.

## رۆژگارێک



**لە راستەوە :**

**هونەرمەند مامۆستا ئامانج غازی، جیهانبەخش، هونەرمەند- هاوتا ئەسعەد هەولێر**

**تۆمارگەی چرا ١٩٨٩/١/٢٧**

**بۆ یەکەمینجارە ئەم وێنەیە بڵاودەکرێتەوە**

**ئەرشیفی:**

**جیهانبەخش کۆیی**

# شێروان بێرکۆتی:

# پێم دەڵێن لە حەیران سەرکەوتووتری

هونەرمەند شێروان بێرکۆتی کە لە هەندەران ژیان بەسەر دەبات و بەسەردانێک گەڕایەوە کوردستان، گۆڤاری هەرێمی کوردستان لەدەرفەتێکدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ سازداو ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.

دیمانە: ڕێکار قادر – فۆتۆ: فازڵ فەرامۆش

*** دەستپێکی کاری هونەریت بۆ خوێنەرانی گۆڤاری هەرێمی کوردستان باس بکەیت و چ شتێک تۆی بە هونەرەوە گرێدا؟**

– لەساڵی ١٩٨٦ هاتوومەتە نێو دونیای هونەر لە کۆشکی هونەر، ئەوکاتی پێیان دەگوت: (دار الفن) ئەوسات دەستم بەکاری هونەری کرد لەلایەن مامۆستا وریا ئەحمەد، سەرەتای کاری هونەریم بوو، بەڵام تاساڵی ١٩٩١ بەتەواوەتی توانیم بێمە نێو دونیای هونەری و یەکەم گۆرانیم کە گوت بەنێوی لە دووگمەی سینەد دوێنێ نوێژی شێوان، گۆرانیی هونەرمەندی کۆچکردو قادر زیرەک بوو گوتوومەوە.

*** ژیانی تۆ لە هەندەران چیی خستە سەر هەگبەی هونەریت؟**

– لە هەندەران زیاتر غوربەت وای لێکردووم پەرە بە هونەرەکەم بدەم، ژیانی من لە هەندەران وای لێکردووم بیر لە هونەری کوردی بکەمەوە، ئەو غەریبیە بوو وای لێکردم زیاتر خزمەتی هونەرەکەم بکەم و شانازی بە هونەرەکەم دەکەم.

*** جاران هونەر پەیامێک بوو بۆ خەبات و قوربانیدان، ئەدی ئێستا پێتوایە چ پەیامێکت پێیە؟**

– لەگەڵ ڕێزم بۆ هونەری کوردی، هونەری کوردی زۆرجوانە بەهیچ کەسێکیش ڕەزیل نابێت، بەڵام جاران گۆرانییەکت دەگوت باسی خۆشەویستی دەکرد لە هەمان کاتیشدا باسی لە وڵاتەکەی دەکرد، باسی لەسیاسەتەکەی دەکرد، جاران هونەرمەند بە گۆرانی پێشمەرگایەتییان دەکرد، بەڵام ئێستاکە چەند هونەرمەندێک هەیە گۆرانی دەڵێن بۆ نێوبانگی خۆیان، لەم سەردەمە هونەرمەندایەتی بۆتە چاولێکەری، بەڵام زۆر هونەرمەند هەیە هونەرەکەیان کورتە.

*** ئێستا کلیپێکی جوان سەرکەوتنێک دەبەخشێتە گۆرانیبێژ، بەڕای بەڕێزت ئەم پێوەرە چەندە ڕاست و دروستە؟**

– بەڕای من ئەوە ناگەیەنێ بڵێی بەکلیپێک دەبمە گۆرانیبێژێکی ڕەسەن، دەمێنێتەوە ئێستاکە چەند هونەرمەندێک هەن لەکلیپێکدا سێ چوار ئافرەت لە کلیپەکەیدایە بۆ ئەوەی بتوانێ سەرکەوتنێک بەدەستبهێنێ، ئەو جۆرە کلیپانە تەنها دیمەنێکە، بەڵام خەڵکانێک هەن تەنها سەیری دواوەی گۆرانیبێژەکە دەکەن، کلیپ ئەو کلیپەیە باس لە گۆرانیی ڕەسەنی کوردی بکات، بەڵام پێمـوایە ئەو جۆرە کلیپانەی کە ئێستا دەیکەن سەرکەوتن بەدەست ناهێنن، هیوادارم کلیپێک بکرێ مۆرکی هونەری کوردیی پێوە دیاربێت.



*** هاوسەرگیریی شێروان بێرکۆتی لەسەر چ بنەمایەک بوو، خۆشەویستی بوو، یاخود ڕێکەوت بوو؟**

– هاوسەرەکەم کچە خاڵی خۆمە، هەر لەخەیاڵیشم نەبووەو بەڕێکەوت بووە.

*** هاوسەرەکەت تاچەند هاندەرت بووە بۆ کاری هونەریت؟**

– ئەو کاتەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا خۆم هونەرمەند بووم، لە ئاهەنگەکەی خۆم گۆرانیم گوت، ئێستاکەش هاندەرمەو شانازیم پێوە دەکات، بەس هەندێک جار هاوسەرەکەم پێی خۆش نییە زۆر دیاربم، دڵپیسیم لێدەکات.

*** کاری نوێی هونەریت چییە؟**

- گۆرانییەکە بەناوی هەڵپەڕکێ و شاییە، لە ئاوازی ئەحمەد چاوشینە، لە هۆنراوەی وشیار عەبدوڵڵایە، لە مۆزیکی سەید ئەحمەد رواندزی و هونەرمەند ئومێد باڵەبان، تۆمارم کردووە لەم ماوەیەدا کاری کلیپی بۆ دەکەم و بڵاودەبێتەوە، حەیرانەکیشم داناوە لەو ماوەیەدا تۆماری دەکەم و کاری کلیپی بۆ دەکەم، لە کوردستان کاری بۆ دەکەم.

*** لە رووی شیعر و ئاوازدا کێ هاوکارتە؟**

- لە رووی شیعر لە هەندەران شاعیر سەمیر دەسکۆ شاعیرێکی زۆر بەتوانایەو هاوکارمە کە گەڕامەوە کوردستان وشیار عەبدوڵڵا شیعرێکی بۆ داناوم کە هەڵپەڕکێیە، بەڵام لە رووی ئاواز مامۆستای خۆشەویست سەید ئەحمەد رواندزی هاوکارم بوو، لەگەڵ هونەرمەند ئاراس کۆیی، لەبواری حەیرانیش سەید عەزیز بەرزنجی و حاجی عوسمان زۆر لە شاعیران هاوکارم بوونە زۆر سوپاسیان دەکەم.

*** زۆرێک لەو هونەرمەندانەی خۆمان کە لە کوردستانەوە دەچن بۆ ئەورووپا بۆ تۆمارکردنی بەرهەمێک بەستایلێکی رۆژئاوا، کەچی تۆ لە رۆژئاوا دەژیت و حەیران و گۆرانیی کوردیی رەسەن دەچڕی، وەڵامی ئەم پرسیارە چۆن دەدەیتەوە؟**

- ئەمە دەگەڕێتەوە سەرخودی ئەو هونەرمەندە، هونەرمەند ئەگەر خۆی رەسەن بوو نەبە رۆژئاوا نەبە رۆژهەڵاتی بەهیچ شتێک ناگۆڕێ، من غەریبی وایلێکردووم زیاتر پەرە بەهونەرەکە و بەفۆلکلۆرەکەی خۆم بدەم، چونکە ئەو رێچکەیەی من گرتوومە حەیران شتێکی وا ئاسان نییە، حەیرانیش پێناسە لە میللەتی کورد دەکات، بەڵام پێموایە هەندێک کەس هەن حەز بەحەیران ناکەن، بەڵام تاکو شێروان مابێت پەرە بەحەیران دەدات، حەیرانەکانیشم کردۆتە شتێکی ئەم سەردەمە تاکو لە ژیان بمێنم پەرە بە حەیران دەدەم.

*** با بێینە سەر حەیران، چۆن خولیای حەیران بووی؟**

- لە ساڵی ١٩٨٣ بچووک بووم لەماڵێ لەگەڵ هونەرمەند فەرهاد زیرەک کاسێتەکمان پڕکردەوە، حەیرانێکم گوت حەزم لە حەیران بوو، بەڵام لەدوای ئەمە هیچی دیکە حەیرانم نەگوتەوە، لەساڵی ١٩٩٧ رۆیشتم بۆ وڵاتی ئەڵمانیا، لەساڵی ١٩٩٨ لە ئەڵمانیا دەنگی حەسەن سیساوەیی وای لێکردووم زیاتر حەز بە حەیران بکەم، هەمووکاتێک گوێم لە دەنگی حەسەن سیساوەیی دەگرت تاکو وام لێهات حەیرانی ئەسمەرو مامەرم لەبەرکردو لەبەر خۆم دەمگوتەوە، زۆر لە خەڵکان دەیانگوت زۆرخۆشە دەڵێی حەسەن سیساوەیی، ئەمە وای لێکردووم حەیران بڵێم.

*** تا چەند سوودت لە حەیرانبێژ حەسەن سیساوەیی وەرگرتووە وەکو سەرچاوە؟**

- حەسەن سیساوەیی بۆ من بۆتە قوتابخانەیەک، بەهۆی حەسەن سیساوەییەوە هاتوومە نێو دونیای هونەرەوە، من زۆر رێزی حەسەن سیساوەیی دەگرم ئەوکاتەی کۆچیکرد ئینجا قەدری دەزانن ،حەسەن سیساوەیی زۆر لەبیرکراوە، بۆیە داوا لەبەرپرسان دەکەم هەتاکو ماوە هاوکارییەکی بکەن.

*** تاکو ئێستا پەیوەندیی نێوان تۆو حەسەن سیساوەیی هەر بەردەوامە؟**

- پەیوەندیمان زۆر خۆشە، لە ئەورووپا خوارزایەکی هەیە بەنێوی کاک محەمەد تەلەفۆنی بۆ دەکەم، لەگەڵ حەسەن سیساوەیی قسەدەکەم، لەیەک مانگدا ٣ جار قسەی لەگەڵدا دەکەم.

*** ئایا کارێکی زەحمەت نییە لەسەر دووستایل کاردەکەیت بۆ نموونە حەیران و گۆرانیی هەڵپەڕکێ؟**

- خۆی گرینگ ئەوەیە لەسەر دوو ستایل کاربکەیت، پێموانییە هونەرمەندێکی پڕۆفیشناڵ بتوانێ حەیران بڵێ، ئەمە بەهەموو هونەرمەندێک ناکرێ، هونەرمەندی زۆر سەرکەوتوومان هەیە لە کوردستان، بەڵام ناتوانێ حەیران بڵێ، من خۆم بەسەرکەوتوو دەزانم کار لەسەر هەردوو ستایل بکەم، بەڵام لەخەڵکان دەزانم زیاتر لە حەیران سەرکەوتووترم، بۆیە زیاتر حەز بە حەیران دەکەم.

*** جگە لە گۆرانی گوتن لە نەرویژ چ کارەی؟**

- نەجاڕی خانووم لەنەرویژ، خانوو لەبناغەی تاکو سەقفی لەدار دروست دەبێت، خاوەن کۆمپانیام بۆ دروستکردنی خانوو لەهەندەران، ئەگەر لە پاڵ هونەرەکەت کارێکی دیکە نەکەیت بژێویی ژیان زۆر زەحمەتە

*** دوا پەیامت بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان؟**

- سوپاسێکی گەرم لە ماڵپەڕی لێزان نێت دەکەم، چونکە لە بواری هونەریی من زۆر ئاگادارن، سوپاسی سەید عەزیز دەکەم زۆر هاوکارم بوونە، دوا وتەشم ئەوەیە سوپاسی گۆڤارەکەتان دەکەم، بەڵام خۆشە من چمگوت وا بڵاوبێتەوە، سوپاسی بەڕێزت دەکەم بۆ ئەم دیمانەیە.



# جوامێری و جوانییەکانی هەولێرییان



محەمەد ئەحمەد ئەربیلی



مارف خەزنەدار



عومەر دزەیی

*** لە نەورۆزی (عومەر دزەیی و مەحەمەد ئەحمەد ئەربیلی)**

دوای تەواوبوونی شەڕی جیهانی دووەم، لەیەکەم نەورۆزدا و بۆ ئێوارەکەی، خەڵکی هەولێر روودەکەنە ئەو گۆڕەپانە لێژ و گردۆلکانەی پشت سینەمای سەلاحەددین لەسەر رێگای موسڵ بۆ ئەم مەبەستەش لێژنەیەکی پیتاک کۆکردنەوە پێکهاتبوو لە (دکتۆر مارف خەزنەدار و موحسین دزەیی و خالس جەواد بۆ مەسروفاتی ئەو رۆژە و یەکەم کەسیش کە باربۆی کردبوون شێخ محیەدین شێخ ساڵح کە سەرۆکی یەکێ لە تەکیەکانی قادری و سەیدەکانی بنەماڵەی بەرزنجی بوو لە هەولێر....



نازم دڵبەند

دوای ئەم خۆسازدانە بۆ نەورۆزی ئەوێ ساڵێ دەستکرا بە گۆرانی و سروود چڕین و (عومەر دزەیی و مەحەمەد ئەحمەد ئەربیلی و جەمال خەزنەدار) کە قوتابیی قوتابخانەی سەرەتایی بوون سروودی نەورۆزیان گوتەوە....

*** شێخە شەل و نامەخانەی هەولێر....**

هەر لە چلەکاندا لە یەکی لە ژێر قاڵدرمەی دوکانەکانی (ئەحمەدە فەندی) شێخ مەحەمەد مەحەمەد (شێخە شەل) کتێبخانەیەکی بەناوی (نامەخانەی هەولێر) کردەوە، بۆ ئەوساکە بۆ خوێندەوارە چەپەکان دەروازەیەکی چاک بوو کە خۆیشی یەکێک بوو لەوان بەتایبەت دوای ئەوەی بیری چەپڕەوی لەسەرانسەری عێراقی سەرەتاتکێی بوو کەسەکانی بەپەلەبوون بۆ خۆدەرخستن و دەسەڵاتی ئەو سەردەم و ئینگلیزیش لەم دیاردەیە دەترسان و ئەمریکاش لەبەربوو خۆی دەخزاندە ناو کاروباری ناوچەکە و لەملاشەوە بیرۆکەی نەتەوەییەکی گەرمی کوردانە خەریک بوو لە ژێرەوە خۆی یەکلادەکردەوە و بە نهێنی خۆی رێکدەخست....

لەم دەمانەش بوو دەسەڵات مۆڵەتی دا بە چوار حزب لە چوارچێوەی عێراق جگە لە حزبی شیوعی عێراقی نەبێت کە خۆیان لە (حزب تحرر الوطنی) دەخستەڕوو... جا هەر وەکو پڕۆفیسۆر (دکتۆر مارف خەزنەدار) دەیگێڕێتەوە:

نامەخانەی هەولێری خوالێخۆشبوو (شێخە شەل) ئەو کابرایە پاکەی هەولێری جێگایەکی تەنگ و تریسک و بچووک بووە و هەر جێی کەسێکی لێبۆتەوە....

لەو ئانوساتیدا کە ئەم زاتە خۆیشی (چەپ)بووە، بۆیە چەپڕەوەکان ئەم نامەخانەیەیان کردبوە وەکرێکی روناکبیری و خوێندنەوە و یەکتربینین، بەتایبەت دوای نیوەڕۆیان بەردەمی ئەم نامەخانەیە جمەی دەهات و ئەو کتێب و رۆژنامە و گۆڤارانەیان دەکڕی کە بۆنی چەپی لێدەهات و ئەو کەسانەش خۆیان بە پێشکەوتووخواز ناوزەد دەکرد، ئەو کتێبانەی کە دەشیانکڕی دەیانخوێندنەوە زیاتر کتێبە مارکسییەکان بوون و هەرمێنی فرۆشتنی رۆژنامەکانی (العصبە) و (الاساس)-یش لە برەودابوون تاموبۆنی شیوعیەتی لێهاتووە.

*** خەڵکی هەولێر موتەسەریف-یان ناوی.....**

ئەو رۆژەی هەولێرییەکان رژانە بەردەرکی سەرا و بوو بە هوتاف کێشان و نارەزایی دەربڕین کە ئەوساکە لای سەرا بە کۆمەڵگەیەکی گەورەی فەرمانگەکانی حکومەت دەژمێردرا، چونکە (شارەوانی و پۆستەخانە و قوتابخانەی ناوەندی هەولێری لێبوو... بەهەموو دەنگیان هاواریان دەکرد.... هەولێرییەکان ئینگلیزیان ناوێ و دەبێ (ساڵح زەکی ساحێبقران) موتەسەریفی ئەوسای هەولێر لەسەر کارەکەی لابدرێ، چونکە پیاوی ئینگلیزە و کار گەیشتەسەر ئەوەی ئاگریان لە ئۆتۆمبێلەکەی موتەسەریف بەرداو بەتەواوی تێکیان شکاند و بەتەواوی سیمای شڵەژاوی

بەسەر دەموچاوی ئەرکانی ئیدارەی موتەسەریفیەت بینرا.... هەندێکیش لە مەخلوقاتەکان جارِی ئەوەیان داوە کە دەبێ ئەمین رواندزی ئامێری حامیە لەگەڵ سەربازەکانی بێت و تا کاروباری شار بگرێتە ئەستۆ و موتەسەریف بخرێتە بەندیخانە.... هەندێکی تریشیان هەوڵی ئەوەیان دەدا کە خەڵک هانبدەن گەڕەکی جولەکان تالاّن بکەن بەبیانووی ئەوەی کە دۆستی ئینگلیزن... بەلاّم دیسانەوە جوامێری و ئەمەکداریی خەڵکانی هەولێری وەکو ماڵی عەبدولقادر خەزنەدار و مەلا شەریفی موختار و حەسەن خەدیج و میکائیلی بەقاڵ و حاجی سمۆ و وەستا فەتاح) و ماڵی ژمارەیەک لە خانەوادەکانی کورەچییان رێگرییان لەم کارەکرد و زۆربەی خانەوادە جولەکەکانیان لە ماڵەکانی خۆیان داڵدەدا....

*** عەبدوڵلا سکۆت و باڵوێزخانەی بەریتانیا و چایخانەکەی حەسەن رەزای هەولێری..!!!**

لە زۆر کات و سەردەمدا بەهۆی نەبوونی کیانی نەتەوەیی کورد و نەبوونی رای ئازاد و رۆژنامەنووسی ئازاد و تا دەگاتە کەمی رۆژنامە و بلاّوکراوەی کوردی وایدەکرد کە نووسەران هانا بۆ هەندێ لەو رۆژنامە و گۆڤارانە بەرن ئەگەر لەگەڵ بیرکردنەوەکانیشیان نەگونجابێ نووسینەکانی خۆیان لێبلاّوبکەنەوە هەر بۆ ئەوەی ئەوە ئیعلان بکەن کە کوردیش نووسەر و رووناکبیری هەیە و دەتوانێ بەشداری لە رەوشە رووناکبیرییەکە بکات، ئەگەر ئەم دونیایەی بۆ برِەخسێ کە پێی دەگوترێ دونیای بیروڕای ئازاد و رۆژنامەنووسی ئازاد.... هەرئەوەش وای کردووە کە نووسەرانی وەکو (حوسێن حوزنی موکریانی) و (حەسەنی شێخ حەمە مارف) ئەو ماوانەی گۆڤاری (دەنگی گێتی تازە)ی لێدەرچووە هانای بۆ ببەن و نووسینەکانی خۆیانی تێدا بلاّوبکەنەوە... رەنگە کاریگەرییەکانی زانای گەورەی کورد مامۆستا (تۆفیق وەهبی)یشی تێدا بووبێ، چونکە ئەو سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤارەکەی دەرکرد، (پرۆفیسۆر دکتۆر مارف خەزنەدار) لە کتێبی (رۆژگاری من) کە زیاتر لە بیرەوەرییەکانی خۆی دەدوێ دەچێتەوە سەر ئەم بابەتەو لە چەند پەرەگرافێک شایەدمانی ئەوە دەدات و دەگێرِێتەوە کە:

بەناوی (راگەیاندنی بەریتانی) باڵوێزخانەی بەریتانیا لە تەنیشت چایخانەکەی حەسەن رەزا دوکانێکی بەکرێ گرتبوو دیارە عەبدوڵلا سکۆت سەرپەرشتی کردووە و نەجم وادی لەسەر دانابوو و بریتیبووە لە مێزێکی گەورە و کورسی و نامەخانەیەکی بچووکی لێبووە و گۆڤار و رۆژنامە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لەسەر دانراوە و خەڵکیش لەوێوە رووداوەکانی رۆژانەی جەنگی جیهانی دووەمی دەبیستەوە..

# شانۆگەریی سات نمایش کرا

ئا: هێمن خەلیل بلّباس

رێکەوتی ٢٠/٢/٢٠١٠ کاتژمێر (١٢) نیوەڕۆ لە هۆڵی بەشی شانۆی کۆلێژی هونەرەجوانەکان بە ئامادەبوونی سەرۆکی بەشی شانۆو مامۆستاو قوتابیانی بەشی شانۆ، شانۆگەریی (سات) نمایشکرا ،شایەنی گوتنە ئەم شانۆگەرییە لە نووسینی نووسەری ئەرجەنتینی (فرناندۆ سۆرانتیۆ) و دەرهێنانی قوتابی بەشی شانۆ (گۆران محەمەد فەقێ) ، هەریەکە لە قوتابییانی بەشی شانۆ (ئۆسکار ئیسماعیل و ڕووبار ئیسماعیل و هەڵوێست نەریمان) وەکو ئەکتەر بەشدارییان تیادا کرد.

لەم بارەوە دەرهێنەری شانۆگەرییەکە گوتی (چیرۆکی ئەم شانۆگەرییە باسی کچێک دەکات رۆژێک لە رۆژان لەنێو ژووری شووقەکەی خۆی گیر دەخوات و دەرگای لەسەر دادەخرێت، بەهۆی شکاندنی کلیلی دەرگای ژوورەکەی، بەو شێوەیە لە ژوورەوە دەمێنێتەوە کۆمەڵێک هەوڵ دەدات تاکو لە دەرەوە خەڵک یارمەتی بدەن، بەلاّم بەهۆی نەبوونی و کەم پارەییەوە کەس دەستی یارمەتی بۆ درێژ ناکات، بەر لەکۆتایی شانۆکە کچەکە هەوڵی خۆ کووشتن دەدات، بەلاّم لەپڕ کەسێک تەلەفۆنی بۆ دەکات کە پێشتر دەستی یارمەتی بۆ درێژ نەکردبوو، بەلاّم ئەو جارە یارمەتی دەداو کچەکە ڕزگاری دەبێ.



# چ زانیارییەک لەهونەردا دەتگۆڕێت؟

ئەندێشەی چاک

زانیاری لە هیچ سەردەم وقۆناخێکدا وەکو ئێستا بۆ مرۆڤ بە ئاسانی دابین نەکراوە ، بەشێکی زۆری هەرکاتێک پێویستمان بێت بە ئاسانی دێتە بەردەستمان.

رۆژانە دەتوانین هەر لە ماڵەوە چەندین فیلمی نایاب ببینین، بەشداری لە سیمینار ولێدوان وکۆرس وۆرکشۆپی گرینگ بکەین، دەتوانین گەلێ کتێب وگۆڤار ورۆژنامە وسایتەکانی ئینتەرنێتی سەرتاسەری جیهان بخوێنینەوە، هەندێکیشیان یەکسەر وەرگێڕینە سەر زمانێک کە دەیزانین. لەگەلێ ولآتاندا ئەگەر کتێبێکت لە کتێبخانەی گەڕەکەکەتدا دەست نەکەوێت، دەتوانیت داوای بکەیت، ئەوان بۆتی پەیدا دەکەن و پاش چەند رۆژێک هەر بە پۆستی ئیلیکترۆنی ئاگادارت دەکەنەوە.

سات دوای سات دەتوانیت هەواڵ ودەنگ وباسی ئەم جیهانە بزانیت، لە رێگای ئینتەرنێتەو دەتوانیت برادەیەتی و هاوڕێیاتی لەگەڵ کەسانێکدا دروست بکەیت لە ئەمریکا یان ئوستڕالیادا بژیت و پێوەندی و کۆنتاکتت لەگەڵیاندا هەبێت، زمان فێربوون جارێ هەر مەپرسە چەند ئاسان بووە. دەتوانیت ودەتوانیت..

بەڵام!...

بەڵام بەرامبەر بەم هەموو ئاسانکارییانە لە بەدەستهێنان و مسۆگەرکردنی زانیاری، پرۆسەی گۆڕانکاری، هێشتا خاو دەڕوات بگرە هەندێجار ئەوەندە خاو دەڕوات کە زۆربەی زۆری دانیشتوانی ئەم سەر زەمینە کۆچ دەکەن وجیهان بەجێدەهێلن، بێ ئەوە هیچ سوودێکیان لە دەستکەوتە گرینگانەی شارستانیەتی سەردەمی خۆیان وەرگرتبێت.

نووسەری ئەمریکایی جۆن میللەر دەڵێت: گرنگ نییە پێشکەوتن چەند خێرا دەڕوات، گرنگ ئەوەیە ئێمە چەند دەگۆڕێین، زانیاری کاتێ کاریگەر دەبێت ورۆڵێکی گرنگی دەبێت کە گۆڕانکاری بەرپا بکات و ئادەمی لە گەڵیدا بگۆڕێت. جا ئەگەر ئەمریکاییەک ئەمە بۆچوونی بێت، دەبێت ئێمە سەبارەت بە گۆڕانکاری بڵێین چی! گۆڕانکاری کاتێ دێتە دی کە لە زەمەن وسەردەمی خۆمان تێبگەین،ئەمەش کاتێک مسۆگەر دەبێت کە تاک وەکو فەلسەفەی ژیان پیادەی بکات، واتە چەند وەکو تاک لە ئێستا ولێرەدا دەژین، ئەوەندە لەسەردەم و ئێستامان تێدەگەین و بە قووڵی دەیژیین، تەنیا ئەودەمە لە گۆڕان تێدەگەین و خۆمان ئۆتۆماتیکیانە دەگۆڕێین وجیهانمانیشمان دەگۆڕین.

هەر ئەو دەمەیش ئینتەرنێت وپۆستی ئیلیکترۆنی ومۆبایلەکانمان باشتر وبۆ مەبەستی چاکتر وخێرخوازانەتر بە کار دەهێنین.

بێ تێگەیشتن لە ئێستا وئێرە، زانیاری هیچ رۆڵێکی نییە بە غەیری ئەوەی کە لە دەرەوەی خۆمان کۆدەبێتەوە وکەڵکەڵە دەکات. زانیاری تەنیا لە یەک حاڵەتدا کاریگەرە کە تێیگەیشتبیت وبەکاری بهێنیت و توانای گوازتنەوەیەت بۆ کەسانی دیکە هەبێت، نەک هەر ئەوەندە، بگرە زانیاری ئەگەر گۆڕانی خودی ئادەمی هاوتەریب لە گەڵدا نەڕوات زیان بەخش دەبێت چونکە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت کە خراپ بەکاربهێنرێت. وابزانم خراپ بەکارهێنانی مۆبایل وئینتەرنێت و پۆستی ئەلیکترۆنی لای کەسانی کەم فام و دواکەوتوو بەڵگەیەکی باشی ئەم بۆچوونەیە.

هەر لەم چەمکەوە، ئێستا و لە ئێرە، تۆوی گۆڕانێکی پۆزەتیڤ گەشە دەکات بۆ ئەوەی هێدی هێدی ببێت بە درەختێکی بەبەر بۆ هەموو کۆمەڵگە.

زانیاری لە هەر بوارێکدا بۆ ئەوەیە گۆڕانکاری دروست بکات، بۆ ئەوە نییە بەلایدا تێپەڕیت وەکو چاودێرێک تەماشای بکەیت، زانیاری دەبێت ژیان بەرەو چاکتر بگۆڕێت، ئەگەر ئەم ئەرکە نەبینێت هیچ سوودێکی نییە. شانۆکارێک لە کۆنفراسێکی نێونەتەوەییدا دەربارەی شانۆ وتەکنولۆژیا ، زۆر پێی لە سەر نوێخوازی دادەگرت، پێی وابوو کە دەبێت سوود لە دوا دەستکەوتەکانی تەکنۆلۆژیا ببینین، ئەگەر بمانەوێ شانۆ پێش بخەین. ئەم گوزارشتە خراپ نییە وبگرە زۆریش راستە، بەڵام کە ئەم شانۆکارە تاکو ئێستا نەزانێت مۆبایلەکەی بەکار بهێنێت، کە نەوێرێت کۆمپیوتەرەکەی بکاتەوە، ئەوا هەرگیز ناتوانێت لەو گۆڕانە تێبگات کە تەکنۆلۆژیا لە شانۆدا بەرپای کردووە. هەموو بۆچوونەکانیشی دەبارەی مۆدێرنیزم و هەندێک جاریش پۆست مۆدێرنیزم لەشانۆدا بلّقی سەر ئاوە.

زانیاری گۆڕان دەخوازێت، هەموو گۆڕانێکیش هەستی بەرپرسیارتیمان بەهێزتر دەکات، ئەمەش مەسەلەیەکی گەورەیە وهەموو کەسێک دەگرێتەوە. پرۆسەیەکە لە خودی تاک خۆیەوە دەست پێ دەکات.

بەڵێ راستە دەستگاکانی ئیدارەو دەوڵەت و رێکخراوەکان دەتوانن ودەشبێت کارئاسانی بۆ بکەن ورێگای بۆ خۆش بکەن، بەڵام رۆڵی گرنگ تاک خۆی دەیبینێت. رۆڵی تاک لە سەروی هەموو شتێکەوەیە، گرنگترین کاریش کاری ئادەمییە لە سەر خودی خۆی.



د. فازڵ جاف

# له هۆڵەندا: پێشانگایەکی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد و هۆڵەندی



له هۆڵەندا و لەشاری ( zerenbergen ) و له گەلەری پارێزگای ئەو شاره له ڕۆژی دووشەممه له یەکی شوباتی ٢٠١٠، پێشانگایەکی هاوبەش بۆ ( ١٠ ) هونەرمەند کرایەوه که پێک هاتبوو له چەند هونەرمەندی کورد و هۆڵەندی ، که تیایدا ( ٣١ ) تابلۆی تێدا نمایش کرا و بۆ ماوەی یەک مانگ بەردەوام دەبێ ، له سەرەتا و پێش چوونه ناو گەلەرییەکه و دیتنی تابلۆکان لەلایەن چوار موزیکژەنی هۆڵەندی چەند پارچه مۆسیقایەک پێشکەشکرا ، دواتر پارێزگاری ئەم پارێزگایه وتەیەکی پێشکەش به هونەرمەندان و هونەردۆستانی ئامادەبوو کرد ، که ئاماژەی بەوه کرد که ئەوه جاری دووەمه پێشانگایەکی هاوبەش بەم جۆره له گەلەرییەکەمان دەکەینەوه ، هەروەها ئاماژەی بەوه کرد که هونەر زمانێکی تایبەت به خۆی هەیه ، هەر بۆیه به ئاسانی هونەرمەندان دەتوانن تێکەڵاوی جیهانی یەکتر بن ، بۆیه ئێمه له شارەکەی خۆمان به گرنگی دەزانین پەره بەو لایەنه هونەرییه بدەین و دەکرێ هونەرمەندانی هۆڵەندی لەگەڵ هونەرمەندانی ئەمریکی و فەرەنسی و ئەڵمانی ...... بەیەکەوه تابلۆکانیان نمایش بکەن ، من خۆشحاڵم که ئەم جاره هونەرمەندانی کورد و هۆڵەندی بەیەکەوه کارەکانیان لەلای ئێمه نمایش دەکەن، هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین .

ئەم پێشانگەیه به هاوبەشی چوار هونەرمەندی هۆڵەندی و شەش هونەرمەندی کورد کرایەوه که ئەمانه بوون.

١. corry olthof
٢. shegan Asthty
٣. Bahez Namiq Ali
٤. Avin kaki
٥. Nelly Madonlet
٦. Conny Jan Aken
٧. Bezhar Hamid
٨. Kakay
٩. Lomolatief
١٠. Qadir Saman

**Ali Namiq Bahez**
**Hohhanda**



# هونەرمەند سواڵکەر نییە



حەمەسوار عەزیز

هونەرمەند سواڵکەر نییە، بێگومان هونەرمەند سواڵکەر نییە ئەی ئەو لەهجەیەی کروزانەوەو سواڵکەرییە چییە کە بەشێک لە هونەرمەندان لەکاتی دیمانە رۆژنامەوانییەکان خوویان پێوەگرتووە، تۆ بڵێی ئەمەش ستایلێکی تازەو پرەنسیبێکی تازەی کاری هونەری بێت، زۆر سەیرە دیمانەی هەندێک هونەرمەندو بەهرەمەندێک دەخوێنیتەوە واهەستدەکەیت لەبەردەمی مزگەوتێک کەوتووەو بەزەکات و سەرفیترە بەرێوەدەچێت، ئەوەندە دەکروزێتەوەو دەناورێتەوە وادەزانی ئەو برادەرە نانی ئێلاهی نییە و مشک لە ماڵەکەییدا کلکی بە ئارد نابێت، بۆیە وامان لێهاتووە هەرکاتێ دیمانەی هەندێ هونەرمەند لە بڵاوکراوەیەک ببینین یەکسەر بەسەریدا باز بدەین، چونکە پێشوەختە دەزانین لەئەلفەوە تاکو یێ هەمووی گلەیی و نارەزاییەو سەری زمانی و بنی زمانی تەنها یەک رستەیە (هیچم بۆ نەکراوە)، سەیرەکەش لەوەدایە برادەرانی ناوەوە دەڵێن هیچ بۆ ئێمە نەکراوەو هەموو شتێک بۆ ئەوانەی هەندەرانە، کەچی ئەو هەندەرانیانەش هەمیشە پرتەو بۆڵەیانە گوایە ئەوان لەبارودۆخێکی سەخت کاردەکەن و کەس هاوکارییان ناکات، واتە هەردوو لا هەر لەبنی یەک هەمبانە دەدەن، کورد گوتەنی کەشکیش هەر برای دۆیە.

جارێ ئەو کێشەیەی کە زۆرترین هونەرمەندان لە دیمانەکاندا باسی دەکەن بەتایبەتیش برا گۆرانیبێژەکان مەسەلەی کۆپیکردنی بەرهەمەکانی هونەرمەندانە، زۆرینەیان ئیدیعای ئەوە دەکەن کە ئەوان زەرەر لە بڵاوکردنەوەی ئەلبومەکانیان دەکەن لەبەر ئەوەی یاسایەک نییە مافی هونەرمەند بپارێزێت و رێگربێت لە کۆپیکردن، من لەمەدا حەق بەو هونەرمەندانە دەدەم کە پێویستە یاسایەکی خاوەندارێتی هونەری هەبێت و مافی هونەرمەند پارێزراو بێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە تا چەند ئەم کێشەیە بەدەرکردنی یاسایەک چارەسەر دەکرێت، ئەمەیان هەویرێکی دیکەیەو ئاوی زیاترو هەڵوەستەیەکی تری گەرەکە، من گومانم نییە مەسەلەی کۆپیکردن ئەوەندەی پەیوەستە بەدوو فاکتەری بنەرەتی ئەوەندە لەسەر دەرکردنی یاسایەک نەوەستاوە، فاکتەری یەکەم ئاستی تێگەیشتنی خەڵک بۆ مافی بەرانبەرو رێزگرتنی ئەو مافەو تەجاوزنەکردنە سەری، ئەمەیان پرسێکی سەرەکیی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی ئێمەیەو پێویستە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی راگەیاندن و میدیاو روناکبیران وهەڵسوڕاوانی ئەم حکومەتە کاری زیاتری بۆ بکەن و بەرنامەو پلانی نزیک و درێژخایەنی بۆ دابرێژن، فاکتەری دووەم خودی بەرهەمی هونەرمەندەکە خۆیەتی، بۆ نمونە کە هونەرمەندێکی وەک عەدنان کەریم یا زیاد ئەسعەد ئەلبومێک دروستدەکات، هەموو کۆمپانیا هونەرییەکان کێبرکێی ئەوە دەکەن کە مافی بڵاوکردنەوەی ئەم ئەلبومەیان دەستکەوێت و من دڵنیاشم قازانجیش بەو هونەرمەندە دەدەن کە ئەلبومەکە دەردەکات، بەڵام لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەموو ئەو گۆرانیبێژانەی کە ساڵانە وەک گەڵای پاییز کلیپ و ئەلبوومیان لێدەبارێت، خەریکە گوێگری گۆرانی فریای ئەوە نەکەوێت ناوی ئەو گۆرانیبێژە فێر بێت، سەیر دەکات چوار گۆرانیبێژی دیکە باسی ئەلبومەکانیان دەکەن، بۆیە هەندێک لەو گۆرانیبێژانە دەبێ زۆر سوپاسگوزاری ئەو سەنتەرانە بن کە ئەلبومەکانیان کۆپی دەکەن و لەنێو هەڵبژاردەی دەنگ و ئیمپی دیکەی بڵاویدەکەنەوەو بەهۆی چەند گۆرانبێژێکی دی کەگۆرانییەکانی لەهەمان سیدیدا هەیە، خەڵک ئاشنای دەنگی ئەو گۆرانیبێژە دەبێت.

تا ئێستا هیچ یاسایەکی خاوەندارێتی لە ئارادا نییە، کەچی زۆرێک لە گۆرانیبێژان ئەلبومە ئۆرجینالەکانیان لە بازار تەواو بووەو جارێکی دی کۆپیکراوەتەوە، کەواتە کێشەکە ئەوەندەی بەندە بەئاستی جەماوەری ئەو گۆرانیبێژە ئەوەندە پەیوەست نییە بە یاسایەک کە رەنگە عەرەب گوتەنی نە دەیباتە پێش و نە دوایدەخات.

بابەتێکی دی کە دەمەوێت قسەی لەسەر بکەم کۆنسێرتی گۆرانیبێژانە، هەر گۆرانیبێژێک دەمی دەکاتەوە داوا دەکات وەزارەتی رۆشنبیری کۆنسێرتی بۆ بکات، جارێ لە هیچ شوێنێکی دونیا وەزارەتێک نییە کە کۆنسێرت بۆ هونەرمەندان رێکبخات، تەنها ئەوە نەبێت کە لەبۆنە رەسمییەکان رێکدەخرێت، ئەمەش نابێتە کۆنسێرت و دەچێتە بابەتێکی دی، رێکخستنی کۆنسێرت بۆ گۆرانبێژان ئەرکی کۆمپانیا هونەری بازرگانییەکانە، ئەوەتا هەر لەم ماوەی رابردوودا چەندین کۆمپانیای هونەری بازرگانی کۆنسێرتیان بۆ چەندین گۆرانیبێژی وەک (موعین و جەمشید و ئیبراهیم تاتلس و نەجوا کەرەم و ئەلیسا) رێکخستووەو حکومەتیش هیچ رۆڵێکی هاریکاری و پشتگیریی ماددی بۆ ئەو کارە پێشکەش نەکردووە، رەنگە کۆمپانیاکان بە دەیان و سەدان هەزار دۆلاریان لەم کۆنسێرتانە خەرج کردووە، بەڵام بێگومان زیاتر لەو خەرجییە پارەیان دەستکەوتووەو قازانجیان کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ کۆمپانیاکان کۆنسێرت بۆ هونەرمەندانی خۆمان ناکەن؟ بێگومانیش وەڵامەکە روونە کە زۆرینەی ئەو گۆرانیبێژانەی کە شەوو رۆژ گلەیی و گازاندە دەکەن رەنگە ئەو جەماوەرەیان نەبێت کە ئامادەبێت بلێت بۆ کۆنسێرتی ئەو هونەرمەندانە ببڕێت، تەنها لە بۆنەکانی سەری ساڵ و جەژنەکانی بەهارو نەورۆز نەبێت، کەواتە ئیشکالیەتێک هەیە لە نێوان هونەرمەندو ئەو جەماوەرەی کە بە حیساب هەیەتی کە لەزۆرینەی کاتەکان ئامادەنییە بە پارە گوێی لێبگرێت.

ئەوەی زیاتریش خەریکە وێنەی هونەرمەند لە زەهنیەتی جەماوەرەکەی ناشرین دەکات، ئەو هەموو دیمانە رۆژنامەوانییە بێ بەرهەمانەیە کە لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامەکانی پێ رەشدەکرێتەوە، ئەگەر ئیزافەی ئەو لەهجەیەش بکەین کە بەشێک لە هونەرمەندان لە زۆرینەی دیمانەکان بەکاری دێنن، وەکو ئاماژەمان پێدا لەهجەی پاڕانەوەو کروزانەوە، زیاتر کێرڤەکە دێنێتە خوارەوە، یا کاتێ بەرگوێمان دەکەوێت کە هەموو داواکاری هونەرمەندان لەگەڵ دەسەڵات تەنهاو تەنها داواکاری تاکە کەسین، هونەرمەندان کە روو لە دەسەڵات دەکەن لە زۆرینەی کاتەکان داخوازییەکانیان پەیوەستە بە بەرژەوەندیی تایبەتی نەوەکو هونەری، زۆرجاریش دەکەونە ژێر گوشاری مساوەمەکردن و بەشێکی گرنگ لە شەخسیەتی هونەری خۆیان لەدەستدەدەن، ئەمەش زیاتر گۆمەکە شێلوتر دەکات و وێنەی هونەرمەندیش تەڵختر دەکات.

ئەوەی من زیاتر مەبەستمە لەسەری بوەستم ئەوەیە کە ئەگەرچی توانای ماددی بۆ کاری هونەری زۆر گرنگە بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت هەرگیز پارە هونەرمەند دروست ناکات، بۆ نموونە هونەرمەندی وامان هەبووە کاتێ کاری کردووەو جەماوەرێکی زۆری بۆ خۆی کۆکردۆتەوە، تەنانەت بۆتە سوپەرستاری کوردستان، بەڵام کاتێ کەوتۆتە نێو دونیای پارەو بازرگانی کێرڤی هونەری و جەماوەری ئەو هونەرمەندە بەشێوەیەکی ترسناک دابەزیوەو خەریکە زۆرینەی زۆری جەماوەرەکەی لەدەست دەچێت، بۆیە ئەگەر پارەو توانای ماددی هونەرمەندی دروستکردبایە دەبووایە ئەو برادەرە ئێستا لەسەر ترۆپکی گۆرانی کوردی بووایە، لە لایەکی دی کۆمەڵێک هونەرمەندی ژن و پیاو هەبوون کە هەموو توانا ماددییەکانی حکومەتیان خرایە خزمەتەوەو ئەلبوم و سیدی وکلیپیان لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دونیا بۆ دروستکردن و چەندین کۆمپانیاو دەزگای راگەیاندن ورۆژنامەنووسی هەرزانیان خستە خزمەتیان، بەڵام دەرەنجامەکە چی بوو، هەموو بینیمان کە دیوارەکەی پشتیان رووخا لەگەڵ یەکەم شنەبای رەسەنایەتی و جوانی وەک پووشکەی بابردەڵە راماڵدران و کەس نازانێت ئەمجارە لەچ بەردەلانێک بە زەوی دەکەونەوە، لەبەر ئەوەی نە پارەی بێشوومارو نە دەسەڵاتی ئێرەو ئەوێ و نە روخساری جوان و لەش ولاری نەرم وشل و ناسک، هونەرمەند دروست ناکات.